کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-4-2007 1:11بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ئەخیرەن 14-4 کرا بە ڕۆژی ئەنفال ... عەلی مەحموود محەمەد

دوای 19 ساڵ لە کارەساتی ئەنفال، دوای 16 ساڵ لە ئازادبوونی کوردستان، دوای 12 ساڵ لە نووسینەوەی یەکەم بەیانی فەرمی کە تیایدا داواکراوە 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال بناسرێت، هەمان بەیان لە ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بەربڵاوی بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەوەی ترسی هەڕەشەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و شەرمەزاری بەرپرسان لە نەهێنانەوەی ڕوفاتی پیرۆزی کەس و کارەکانمان تۆقاندیانی، دوێنێ 4-4 بڕیار لەسەر ئەوە درا 14-4 بەڕۆژی ئەنفال بناسرێت، با پێکەوە سەیری ئەم هەواڵە بکەین:

" پێشنیوەڕۆی دوێنێ 2007/4/4، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و عومەر فەتاح جیگری سەرۆکی ئەنجومەن، لەتەلاری ئەنجومەنی وەزیراندا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کرد.

لەکۆبوونەوەکەدا ڕەزامەندیی لەسەر پڕۆژەی بڕیاری دانانی ڕۆژی 4/14ی هەموو ساڵێك بەڕۆژی ئەنفالکراوەکان وەرگیرا ".

لێرە جێی خۆیەتی بپرسین ئایا وەرگرتنی ئەم بڕیارە ئەوەندە گران بوو ئەم هەزاران ڕۆژەی پێویست بوو تاکو پاش ئەو ماوە دوورو درێژە، ئەو هەموو ساڵە، ڕۆژێك بۆ قوربانیانی ئەنفال تەرخان بکەن لە کاتێکدا لە وڵاتێکدا دەژێین ژمارەی ڕۆژە پشووەکانی زۆر زیاترە لە ڕۆژەکانی کارکردن، باشە باشتر نابوو ئەو بڕیارە لە پەرلەمانەوە وەك بڕیارێکی فەرمی دەربچوایا؟، بەهەر حاڵ بەفەرمی ناسینی ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکەم لە کەس و کاری قوربانیان و هەموو ئەوانەی بیریان کردەوە لە دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ئەنفال، یان کارێکیان بۆیکرد، هەرچەندە ئەوە 12 ساڵە بە پراتیك 14-4 ڕۆژی ئەنفالە. پاشان دەڵێن:

" گفتوگۆ لەسەر ئەوەش کرا کە مۆنیۆمێنتی ئەنفال لەهەولێری پایتەخت زیاتر بایەخی پێبدریت و بەرەوپێشببریت، بۆئەوەی ببێتە مۆزەخانەیەك کە هەموو ڕووداوو بەڵگەکان لەخۆبگریت لەسەر ئەو تاوانە گەورەیەو ئەنفال لەیادی تاکی کوردستانیان و نەوەکانیدا بمینیت.

تاووتویی ئەوەشکرا کەهێمایەك بۆ ئەنفال لەهەریەك لەو شوێنانە دروستبکریت، کەئەنفالی لێ ئەنجامدراوە " لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکەین، درووستکردنی مۆنمێنتێکی مەرکەزی لە هەولێر، زەنگی ئەوەش نییە لە داهاتوودا بەهەمان شێوە ڕوفاتی قوربانیانی ئەنفال بهێننەوە بۆ هەولێر، ئەمەش هەر ففتییەکەیە، هەڵەبجە بۆ ینك و ئەنفالیش بۆ پارتی، کەچی پارتی ڕوفاتی پیرۆزی بارزانییەکانی تاکو بلەو بارزان ڕانەگرت، بۆیە ئێمەش ڕێگە نادەین ڕوفاتی کەس و کارمان، پاشماوەی ئازیزانمان بەهەر ناوێکەوە بێت لە بان مەقان بەمدیودا بێت، مەزاری ئازیزانمان دەبێت لە چەقی قورسایی تاوانەکە بێت.

http://pukmedia. com/kn-htm/Kn27. htm

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.